# وه ڵگێ له داری شه یدایی ئه ده بی کوردی هه ڵوه ری

ڕێناس جاف

شه یدابوون و شه یدایی له قامووسی هه موو گه لێک و لای گش مرۆڤێکی ئازادیخوازی ئه م گۆی زه وییه، دیاره لووتکه ی ئه ڤین و خۆشه ویستییه. شه یدابوون، گه یشتنه به دوندی مراز و هیوا.
ئه و ده مانه ی تازه فێره باڵه فڕێی نێو گوڵجاره که ی وێژه ی کوردی خاسما شه ونمستانه که ی شێعر ببووم، ڕۆژانه تینووێتی ئه م گیانه م هه ر به خوناوکه ی شێعر ئه شکاند و هه موو کازێوه ی به یانێک، به قومه شێعرێک، ڕۆژم ئه کرده وه و هه ر شێعر بوو هاوڕازم.
هه ر ساته و ده ستم بۆ چڵه شێعرێکی لای هۆزانێ شه یدا ده برد. ڕۆژم به ده م شێعری شاعیرانی وه ک :
ئه نوه ر قادر محه مه د، له تیف هه ڵمه ت، ڕه فیق سابیر، حه سیب قه ره داخی، جه مالٚ شاربازێڕی، شێرکۆ بێکه س، قوبادی جه لی زاده، فه رید زامدار، فه رهاد شاکه لی، موحسین ئاواره، عه بدوڵلا په شێو، مه هاباد قه ره داغی، فه ره یدوون عه بدول به رزنجی، محه مه د ئه مین پێنجوێنی، ئازاد مسته فا، عوسمان شه یدا و ده یانی دی ، به شه و ده گه یاند.
" عوسمان شه یدا" یه ک له و شه ونمه شێعرییانه بوو ئه م گیانه شه که ته ی زه مه نی خۆڵ و ته می، به ئاونگه شێعر ، پاراو ده کرد.
ئه و گیانه ی به ناخی ئه ده بدا ڕۆچیٚ، ئه و ڕۆحه ی خۆی

به هاژه ی ده ربه ندی شیعر بسپێرێ، ئه و سه ره ی
شۆقی شه یدابوونی تێکه وێ، دیاره ژین و مان لای هه ر به و
چرۆ شیعرییانه وه مانای هه یه و به س.
دوێنێ 5 ئاڤریلی 2005 زایینی که نیگام ویڵی دوای ماڵپه ڕه
کوردییه کان بوو، له ماڵپه ڕی "ده نگه کان" دا ،
کورته بابه تێکم به رچاو که وت که که سه رێکی خسته
گیانمه وه.
"عوسمان شه یدا" ئیدی لامان باری کرد.
عوسمان شه یدا هه ناسه یێکی پاکی شیعری ئاخر و ئۆخری
هه فتاکان و سه ره تای هه شتاکانه که به گیانێکی تژی له
ئه وینه وه، ئاماده بوونی خۆی له به ستێنی شیعری
هاوچه رخی کوردی دا به له چاپ دانی ده فته ره شیعری:
" شه خته " له ساڵی 1978 زایینی سه لماند.
یه که م ژوورێک عوسمان شه یدای شاعیر ڕووی تێکرد،
هه مان ژووره که ی سۆز و خه راباته که ی ئه وینه که
به شێکی فره ی هه ڵبه سته کانی هه ر ئه چنه هه مان
هۆبه وه .
ئه و سۆز و خۆشه ویستییه ی ، دایمه نیگابارانت ئه کا و
به شوێن که لاره که ی دڵا، ویڵه .
ئه و ئه وینه ی جاری وایه لای عوسمان شه یدا ئه وینێ
له جینسی کریستاڵه که چی جاری واشه هه مان ئه شق،
ویڵی دوای خاک و خۆڵی نیشتمانه که یه تی.
عوسمان شه یدا قه ڵه میکی گیان بیگه ردی شیعری
هاوچه رخی کوردیی بوو که دواتر نه مامه شیعره که ی ،
به ری هه مه ڕه نگ ئه گرێ و هه ر به ته نێ ژووره که ی
ئه وین ناتوانێ دونیای لێ بکاته په رژین. بۆیه هه ستی

کوردایه تی ، شۆڕشیَ له ده روونیا چیَ ئه کا و ده یان
گۆپیته شیٚعر، ئه کاته دیاری نیشتمانه که ی.
له و ته نگستانه ی که جاران ئێراقیان پیَ ده گوت،
عوسمان شه یدا بڕوای به و په رژین و ته لبه نستانه نه بوو،
بۆیه لای ئه و کوردستان هه ر یه ک خاک و یه ک نیشتمانه
که داگیرکه رانی کوردستان، پارچه پارچه یان کردووه.
عوسمان شه یدا له به شیٚکی دی هه ڵبه سته کانیا، هه ستێکی
مرۆڤانی و ئینسانی، گیانی ئه ته نیَ و هه وای ئازادی له کویَ
بێت، ده یه ویَ له و هه وا پاکه تێر هه لمژیَ، هه ر له به ر
ئه وه ش هاواری بۆ چه وساوه و به له نگازانی ئه م
گۆی زه وییه به رزه و ئازادیخوازی له کوێی ئه م
گه ردوونه دا بێت، لاگری و پشتیوانی لیَ ده کات و لای
پڕ ڕێزی هه یه.
لیٚکۆڵینه وه و وردبوونه وه له شیٚعری عوسمان شه یدا
پێویستی به ڕۆچوون به ئاران و زۆزانی شیٚعره کانیا هه یه
که داخه که م له به ر له وه رده ستدا نه بوونی زۆربه ی
به رهه مه شیٚعرییه کانی، نامه ویَ گۆتره به که ناری
شه ونمستانه که ی شاعیردا گوزه ر بکه م .
ته نیَ ویستم سۆزێک بکه م بۆ ئه و هه سته پاکه شیٚعرییه ی
ڕۆژانێک، هاوڕازی غوربه تستانه که ی ئه م گیانه م بوو.
ئه وه ی ڕوونه عوسمان شه یدا ده نگێکی دیاری هه شتاکانه
که توانی بوونی خۆی به هۆی هۆنراوه ی ناسکه وه
بسه لمێنیَ.

ئۆغرت خێر ، گیانی شه یدا

یادت به رزه له گیانماندا

******************************

بروسکه ی مرۆڤێکی وون

نیگام وێڵه..

گیانم شه که تی نیازێکه؛لێم وون بووه

زامم تینووی مه به ستێکه

له سه ره تای هه نگاوه کانمه وه لێڵه

ئه ی نیازی وون

هۆ مه به ستی سه رچاوه لێڵ؛بۆ خه ڵه تای؟

ملی کام ڕێگات گرته به ر؛

ئاخۆ ئێستا له سه ر خوانی کام گه وره دای؟..

بۆ کۆچت کرد؛ ئه ی نازانی؛

تۆشم نه بیّ..من هیوام و دابین ناکرێم

ئه مساڵ نا..چه ند ساڵێکی تر..

ئه بمه وه شوانی ئه ستێره

و

گۆرانی بۆ ده رکه وتنی خۆریش ئه لێم.

عوسمان شه یدا

Renas caf@yahoo.com